# پەیماننامە لەبارەی منداڵان و پێشێل کردنی لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە

بێهرۆز

دیاری کردنی ڕۆژێك بۆ منداڵان لە لایەن سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئامانجێکی پیرۆزو ئینسانیە کە هەردەم لە پێناویدا کار بکرێ تا خاڵە پەسەندکراوەکانی ئەم پەیمان نامە جێ بە جێ بکرێت. هەرچەند مافی منداڵان لە هێندێك شوێن دا تارادەیەك دەستەبەرکراوە و ئاوڕ لەویستەکانیان دراوەتەوە، بەڵام لە وەڵاتانی لە حاڵی گەشەدا هیچ گۆرانێك لە وەزعی منداڵان دا نەهاتوتە ئاراوە و وەکو باقی چینەکانی کۆمەڵگا بەشێوە سیستماتیك مافیان پێشێل دەکرێ. بەسەرنجدان بەو راستیەی کە دەبێ منداڵان بۆ داهاتوی کۆمەڵگە باربهێندرێن و بەپێی ڕێو شوین و ڕگەیێندراوەکان، خاوەن کەسێتی ئاشتیخواز و بەرۆحیەتێکی لێبوردەیی پەروەردە بکرێن و گیانی هاوکاری و لێك گەیشتنیان تێدا پێك بهێندرێن، تا ئێستا هەر شیعاری میدیاو ڕۆژنامەکان بووە و گرینگیان پێ نەدراوە. بەرنامەی رژیمە یاغیەکان، بەرنامەیێکی چەق بەستووی داخراوە

کە کاریگەری لە سەر بیری تێکرای چینەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت منداڵان هەیە. منداڵان لە وەڵاتە،دواکەوتوەکان دا بە دەست زۆر کێشەوە دەناڵێن. یەکێك لەو گرێ و گۆڵانەی کە لەبەردەم منداڵاندایە و ڕێگەی لە بەرەو پێش چوونی منداڵان گرتووە، ئابوری داخراوی وەڵاتەکانە. لە ئێران کە خەڵکێکی زۆر لە ژێر هێڵی فەقردان و دەیان گرفت لە سەریان کەڵەکە بووە، ئاسەوارەکەی زیاتر منالانی قوربانی کردووە. لە وەڵاتان بەتێکرا قانوونی کارهەیە، تەنانەت رژیمی ئاخوندیش یاسایی کاری هەیە و بالۆرەی بۆ لێ دەدا، بەڵام لە کوردستان کە ژێر خانە ئابوریەکەی لە باقی ناوچەکانی دیکە دارماو ترەو لە بوونی کارخانەو شوێنی کارهەواڵێك نیە، ئەو پروپاگەندەیەی رژیمی ئاخوندی بە تەواوی بەرپەرچ داوەتەوە کە رادەگەێنێ بێ جیاوازی کار بۆ تێکرای خەڵکی ئیران دەکا. پەیمان نامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە



بارەی منالەوە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەو دەوڵەتانەی ئەو پەیمان نامە ئیمزا دەکەن دەبێ مافی منداڵ کە توانای بیرکردنەوەو بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڕەسمی بناسن. بەلام رژیمی ئیران نەك ئەو مافەی بەفەرمی نەناسیوە بەڵکو دەروی ئازادی ڕادەربڕین بە تەواوی لە ئیران بەرتەسك کردەوە و چەندین منالی ژێر ١٨سالی بەهۆی بیری جیاواز ئیعدام کردوە و لەسەر بچوکترین هەڵە سوکایەتی بە منالان دەکا. هەرێمی شەخصی و تایبەتی

هیچ منالێك بە پێی یاسا و ڕێساکانی جامیعەی جیهانی نابێ بکەوێتە بەردەستدرێژی. ئەو هەرێمە کە هەموو بارو لایەنەکانی پەیوەنیدار بە ژیانی خێزانی، خانووبەرە، ئابڕو و نامەگۆڕینەوەی شەخصی دەگرێتەوە، نابێ بە ئەنقەست و بەشێوەی ناقانونی دەستدرێژی بکرێتەسەر، هەبوونی پشتیوانی یاسایی لە بەرانبەر ئەو جورە هەرەشانەدا مافی هەرمنداڵێکە، کە ئەوەش لەگەڵ دەسەڵات لە ئیران بەتەواوی دژایەتی دەکاو، نەك بۆ منداڵان ئەو مافە دابین

نەکراوە بەڵکو گەورە ساڵانیش خاوەنی ئەوحقوقە نین. بەهۆی نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ باشتر کردنی وەزعی منداڵان و یاساغ نەکردنی هێندێك ڕێ و شوێنی کۆنی کۆمەڵایەتیەوە،قانوون بۆ منداڵ هەرباسیشی نیە و تەنیا بڕیار دەری سەرەکی لە پێوەند بە داهاتوو وە بارودۆخی ژیانی منداڵان و کوشت و بڕوچەوساندنەوە،لە دەست یاسای بنەماڵە دایە و بە بەرچاوی دەسەلاتەوە، هەزاران منال لەسەر شەقامەکان کاردەکەن و دەچەوسێندرێنەوە و بۆ مەبەستی نابەجێ کەڵکی خراپیان لێ وەردەگیردرێ. هەروەها پەیمان نامەی نێودەوڵەتی لە بارەی جیابوونەوەی منداڵ لە دایك و بابی ڕەچاو ناکرێ. لەو پەیمان نامەدا هاتووە کە دەوڵەتانی واژووگەری ئەو پەیمانە دڵنیایی دەدەن کە منداڵ بە پێچەوانەی ویستی دایك و بابی لەوان جیا ناکرێتەوە، مەگەر ئەوەی کە بەپێی یاسا بسەلمێندرێ کە جیابوونەوەکە پێویست و قازانجیی منالانە.بۆ نمونە کاتێك منداڵ کەڵکی خراپی لێ وەردەگیرێ. یان بە کەمتەرخەمیەوە هەلس و کەوتی لەگەڵدا دەکرێ، یان دایك و باوك لێك جیابوونەتەوە و بە جیا دەژین

دەبێ وەزعی مانەوەی منداڵەکە روون بکرێتەوە. دەسەڵات لە ئێران لەو جۆرە کارانە ناکۆڵێتەوە مەگەر کاربگاتە دادگا. دادگای رژیم دادگاییێکی ناعادلانەیە. لەکاتی جیابوونەوەی دایك و باب، تەگبیرێك بۆ حەوانەوەی منالەکە ناکرێ ڕێگەییێك بۆ لەکیس نەچوونی ناکرێ و لە بەرانبەریاندا، کەمتەرخەمی دەکرێ. لە نیزامی ئاخوندیدا بارەکە بەقازانجی لایێکدا دەشکێتەوە کە بەرتیل واسیتەی هەبێ. یەکەم قوربانی ئەوکارەش منال و پاشان دایکە، چونکە یاسای بنەڕەتی نیزامی ئیستای ئیران یاساییێکی نابەرانبەرە و مافی ژن لە پێش هەموانەوە پێشێل دەکرێ. کاتێك مافی منداڵ و باقی چینەکانی کۆمەڵگە دەپارێزرێ کە دەسەڵات دور لە بیرو بۆچوونی حاکمیەتی ئێستا بێ وئەو دەسەڵاتە نویە بێ بیرکردنەوە لە مانەوەی خۆی و پاوان کردنی وەڵات لە دەستیدا، هێزی خۆی لەسەر باشتر کردنی ژیانی خەڵك بەکاربهێنێ، وەیاساییێك پیادەبکات کە هەموو ئینسانەکان مافی وەك یەکیان هەبێ و بناغەی جیاوازی و ئاپارتایدی جنسی لە ڕەگ و ڕیشە دەربهێندرێ.

# ئابلوقەکان پشتی ئابوری ئێرانیان شکاندوە

ژمارەییك لە کار ناسان و لێکۆڵەرەوانی ئابوری لە ئێران باوەڕیان وایە کە ئابلوقەکان زیانی گەورەی گەیاندۆتە ئابوری ئێران. ئەو لە حاڵێکدایە کە شورای ئەمنیەتی سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان کار بۆ ئەوە دەکا کە بە ئابلوقەدانی زیاتری ئەو ڕژیمە گەڵاڵە ئەتۆمیەکانی ڕژیمی پێ ڕابگرێ. بڵاوبونەوەی ڕاپۆرتی چاودێرانی سازمانی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لە ڕۆژی چوارشەممە واتە ٢ی جۆزەردان، ڕێگە خۆشکەرە بۆ پەرە پێدانی ئابلوقەکان. یەکەمین خولی ئابلوقەکانی شورای ئەمنیەت لە مانگی مارسدا، شیرکەتەکانی پێوەندی بە گەڵاڵەی ئەتۆمی ڕژیمی لە خۆگرت، بەڵام وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە مانگەکانی ڕابردودا بەفشاری یەك لایەنەی بۆسەر رژیم، هەرجۆرە گۆرینەوەییکی دۆلاری لە ناوخۆو دەرەوە لەگەڵ رژیم قەدەغەکرد. ئامانج لەو کارە پێشگرتن لە موعامەلەی وزەو سەرچاوە مالیەکانی بوو. بەقسەی کارناسان ئەو فشارە توندانە لەلایێکەوە بووە هۆی بەرز بونەوەی نرخەکان لە ئێران و نرخی بەرهەم هاتوەکانی زیاتر بردەسەرێ و بەوشێوە بارودۆخی بۆ هەناردەکانی

ئێرانی دژوارترکردوە. سەعیدلیلاز، یەکێك لە لێکۆڵەرەوانی مەسائلی سیاسی و ئابوری لە تاران لە وتوویژێکدا لەگەڵ هەواڵنێری ئاسوشید پریس گوتی: کە ئابلوقەکانی ئەمریکا بەتایبەت لەماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا زیاد لەڕادە ئێرانی خستۆتە ژێرفشار. ناوبراو دەڵێ: فشاری سەرەکی ئەو ئابلوقانە لە سەر شتومەکی هەناردە بووەو بۆتە هۆی گرانتربوونی شتومەکەکان. بەرلەوەش شیرکەتەکانی ئەمریکایی ڕێگەیان لێ گیرابوو هەر جۆرە موعامەلەییك لەگەڵ ڕژیمی ئیران بکەن. بەڵام لەمانگەکانی ڕابردودا دەوڵەتی ئەمریکا بەڕاشکاوی وریایی داوەتە بازرگانانی ئەمریکایی کە ئەگەر موعامەلە لەگەڵ ڕژیم بکەن لەگەڵ سزای توند بەرەو ڕوودەبن. بانکەکان و لێپرسراوانی دەوڵەتی ئیماراتیش لەوتوویژ لەگەڵ هەواڵنێری ئاسوشیدپریس گوتویانە کەئەوان لە نێوان ئێران وئەمریکادا، ئەمریکایان هەڵبژاردوە. بەو پێیە شیرکەتە گەورەکانی ئوروپایی و ژاپۆن و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەوبارەوە بەبێدەنگی لە هاوکاری کردنی رژیم دەستیان کێشاوەتەوە. بازرگانێکی ئێرانی



دانیشتوی بریتانیاو خاوەنی شیرکەتی کەشتیڕانی لە دوبەی دەڵێت: کە بۆ پاراستنی کاسبی خۆی ناچاربووە لە موعامەلەی ١ ملیۆن دۆلاری لەگەڵ ڕژیم دەست بکێشێتەوە، دەڵێ: من نامهەوێ بەهۆی موعامەلەی ١ ملیۆن دۆلارەوە کاسبیم بکەوێتە بەرمەترسی و سامانەکەم لەدەست بدەم. بانکەکانی نێودەوڵەتی لە مانگەکانی ڕابردوودا لە ترسی داخرانی شوعبەکانیان لە ئەمریکا، دەستیان لە موعامەلە لەگەڵ رژیم هەڵگرت. نوێنەری بانکێکی نێودەوڵەتی لە دوبەی کەنەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت گوتی: کە بەهۆی

هەستیاری ئەو بابەتەوە ناچارن دەست لە موعامەلە لەگەڵ رژیم هەڵبگرن. "کومیرز" بانکی ئەڵمانی لە مانگی فیوریەی ئەمساڵ دا هەرجۆرە موعامەلەیێکی لەگەڵ ڕژیمی ئێران قەدەغەکرد. لێپرسراوانی ڕەسمی ئەو بانکە گوتوویانە کە ئەو بڕیارەیان بەمەبەستی هاوکاری ئەمریکا داوە. ئەو بانکانەی بەشێك لە موعامەلەی خۆیان لەگەڵ رژیم پچڕاندوە بریتین لە: بریتێنز بار کلیزپ سوشیست جنڕال و کردیت لیونی فەڕانسە، کردیت ی سویس و گروپی هولەند. ئەو هەنگاوەی بانکەکان، بارودۆخی بۆ تاجیرە ئێرانیەکان کە پێویستیان بە ئێعتبارنامەی

بانکی وام هەیە دژوارکردوە. سەرۆکی شورای تیجاری ئێرانیەکانی دانیشتوی دوبەی دەڵێ: هیچ کەس بەڵگەنامەکانی ئێران قبوڵ ناکات، هەر لەبەر ئەوەش ئێرانیەکان ناچارن برۆنە دەرەوەی وڵات، چونکە ئەوان ناچارن لەگەڵ بانکەکانی دەرەوەیی پێوەندی بگرن. کارمەندی یەکێکی تر لەبانکەکانی نێودەوڵەتی لە دوبەیی کەنەی ویست ناوی ئاشکرابکرێت، گوتی، دەوڵەتی موحافیزەکاری ئێران لە داهاتی بازرگانی داهاتی نەوت خەرجی هێنانەوەی بەرهەم لەوڵاتانی دەرەوە دەکاو هەرلەبەر ئەوەشە کە ئابلۆقەکانی ئەمریکا بەئابوری دەوڵەتی کەمتر لەبەشی تایبەتی زیانی گەیاندوە. ئاغای لیلاز لەسەر ئەوبڕوایەیە کەفشارەکانی ئەمریکا، ئێرانی لە بازرگانە کۆنەکانی بەرە بەرە دوور خستۆتەوە و زیاتر لە ڕوسیەو چین ی نزیك کردۆتەوە. ئەو لێکۆڵەرەوەیە چاوەڕوانی ئەوەی هەیە کە ئەمساڵ ڕادەی گۆرینەوەی تیجاری لەگەڵ چین بگاتە ١٦ـ ملیارد دۆلار کە لە ساڵەکانی ڕابردو زیاترە. بەڵام لە ئەڵمان یەکێك لە گەورەترین و کۆنترین شەریکەکانی ئێران، هەناردەی شت ومەکی سەبارەت بەساڵی ڕابردو ٦ لە سەد کەم کردۆتەوە. شیرکەتەگەورەکانی جیهانی لە ڕاپۆرت گەلێك داوان کەئەوانی ناچار کردوە تاپەیوەندی لەگەڵ رژیم بپچڕێنن و لە ئاکامدا

ئەو فشارانە هەناردەی ئەوشیرکەتانەی بۆ ئێران لەم ساڵدا بەتەواوی نەهێشتووە. رژیمی ئاخوندی بۆ تێ پەڕین لە ئابلوقەی سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە دوبەی و بەندەرەکانی بەحرەین و پاکستان وە کو شارێك کەڵك وەردەگرێ، بەڵام ئەو ڕێگەیە نرخی شت و مەکەکان بۆ تیجارەکان دەباتە سەرێ. بەڵام ئەوەی کە چۆن رژیم لە موعامەلاتی تیجاری خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتانە کەڵك وەردەگرێ، عەلیرەزا سەباغیان تاجری ئێرانی گوتی: کە ئەمساڵ ئێران هەوڵ ئەدا لولەی گاز لە ئەڵمانەوە وارید بکات بەڵام قبوڵیان نە کرد، لە دوایدا لە ڕێگەی دوبەیەوە هەنگاوی هەڵگرت و ئەو لوولانەیان هێنایە دوبەی و دوایی بردیانن بۆ ئێران. سەباغیان گوتی: ئابلوقەکان موعامەلاتیان قورس کردوەو موعامەلە بەو شێوە ناڕواتەپێش. دوبەی چاوەڕوانی هەیە کە ئەمساڵ ڕادەی ژمارەی موعامەلاتی خۆی لەگەڵ رژیمی ئێران بگەێنێتە ١٠ ملیارد دۆلار ئەو ژمارە لە ساڵی ڕابردودا حەوت ملیاردو هەشت سەد ملیۆن دۆلار بوو. دیك چینی کە لە مانگەکانی ڕابردودا چووە ئیمارات، داوای لە لێپرسراوانی ئەو وڵاتە کرد کە بۆ گۆشەگیرتر کردنی رژیمی ئێران، هاوکاریی ئەمریکا بکەن.

***